کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

www.kurdistannet.org

23-10-2007 2:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەڕەشەکانی دەستەلاتدارانی تورکیا و هەلویستی کوردان لە نێوان باکوور و باشوور. ... (هیوا موحەمەد)**

نەتەوەی کورد لە کوردستانی باکوور خاوەنی مێژوویەکی دێرینی پڕ لە خەبات و ڕوو بەڕوو بوونەوەیە و نوێترینیان ئەوەیە کە لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەستی پێ کردوە و ناوی شۆڕشی ڕێکخراوی لە خۆ گرتووە، لەگەڵ ئەوەی بە چەند قووتابخانەیەکدا تێ پەڕی (لە مارکسی و نەتەوەیی و بە چوارچێوەی تورکیایی بوون) لە هیچیدا نەگیرسایەوە و بەئەوڕۆکە گەیشتوە کە دەتوانین بڵێین ئەوڕۆش هەموو بۆچوونەکانی ناو شۆڕشی کورد لەباکوور یان باشترە بڵێین ناو پکک وەک یەک نین. ئەوەی مەبەستە لێرەدا کارتێکەری یان ڕەنگ دانەوەی ئەو جیاوازی بیرو بۆچوون و هەڵوێستانەیە لە سەر ڕووداوەکان بەتایبەت ئەم هەڕەشانەی دوایی ڕژێمی تورکیا و دەنگ دانەکەی پەرلەمانی تورکیا.. با هەر لەناو خودی پەرلەمانەکەیانەوە دەست پێ بکەین ئەوەی دەزانین کە تەنها 19 کەس دەنگی نەداوە لە بۆ ئەو لەشکر کێشییە لە کاتێکدا ژمارەی ئەندام پەرلەمانە کوردەکان لە وێدا لەوە زۆرترن، کەوا بوو ئەگەر پەرلەمانتارە کوردەکان نەیان توانی بێت ڕێژەیەک دەنگ بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و هەموو دەنگەکانی خۆیان بەکار بهێنن ئیتر دەبێ دڵی چی خۆش بکەین بەو پەرلەمانتارە کوردانە لە ناو پەرلەمانی تورکیادا، یان ئەوانە تەنها لەسەر ئاستی دەولەمەندی و سەرۆک هۆزی و ئەم شتانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان چوونەتە ناو پەرلەمانەوە... سوپای تورکیا بەبەرچاوی خەڵکی دیاربەکر و نسێپین و جەزیرە و شەرناخ و سلۆپییەوە دینە سەر سنوورەکانی کوردستانی باشوور و لەوێوە تۆپ بارانی گوندەکان دەکەن، کەچی کوردەکان لەوێ هیچیان پێ ناڵێن و زیانیان پێ ناگەیەنن، سەیریان دەکەن بزانن چۆن دەچنە ناو هەرێمی کوردستانەوە، لە ناو ئەستەنبولدا سەدان هەزار کورد دەژی، بۆ پرۆتستۆ کردن دێنە سەرشەقامەکان بۆ داکۆکی لە ئۆجەلان، یاخود لە نەورۆزدا، بەلام لە کاتێکی وادا ناچن فشار بخەنە سەر ڕژێم لە ناو جەرگی خۆیدا، ئەگەر ڕژێمی تورکیا هەستی بەمەترسی لە ناو خۆیدا بکردایەو و کوردەکان گرفتیان لە ئەستەنبول و ئەنقەرە بۆ دروست بکردنایە ئەوە سەریان نەدەپەرژایە سەر سنوور بەزاندن، بەلام بە پێچەوانەوە لە سەر سنوور چەند سەربازێک دەکوژن و بەرەو باشوور هەڵدێنەوە.. باهۆز ئەردال (فەرماندارى گشتی ه. پ. گ) لە لێدوانێکیدا دەڵێ (ئێمە گەلی کورد لە باشوور دەپارێزین) (ئامۆژگارییان دەکەین کە دژی تورکا بوەستن) (ئێمە بێ هێز نین و دەتوانین بەرەنگاریان ببینەوە) دواتر هەر لە و لێدوانەدا باس لە ئاشتی دەکات لە گەڵ (تورکا) کەواتە ئەگەر لە گەرمەی شەردا و لە سەر گۆرەپانی هەرێمی کوردستان ڕژێمی تورکیا رازی بێت بە ئاشتی لەگەلیان دانیشێت، ئەی چی بۆ کاول کاری هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە؟ نازانم باهۆز ئەردال کوردستانی باشوور لە چی دەپارێزێت؟ لە جێی ئەوە بۆ ناچێت سوود لەو بەدەست هێنانە وەرگرێت و ئەندامەکانی بخاتە بەر خوێندنی سیاسی و بەهێزیان بکات و هەریەکەیان وەکو کادیرێک بگەڕێنەوە ناو ئەو خەڵکەی باکوور و بە هەوڵ و ڕۆشنبیر کردنی خەڵک بەهەستی نەتەوەیی کورد بەرەو پێش بەرن. من دژی شۆڕش نیم بەلام هەموو گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی جیهان سەلماندویەتی کە کێشەکان بە تفەنگ چارەسەر ناکرێن و دەکرێت پەنابرێتە بەر ناو چوونە خەڵک و کۆ کردنەوەی دەنگ، حەماسەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە حوکمیان بەدەست هێنا بەڵام لەبەر ئەوەی بەردەوام بوون لە سەر بەکار هێنانی چەک بۆ سەپاندنی خۆیان ئەوە دەبینین ئێستا چییان بەسەر هاتووە.. لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە کە ئێمە بەم چەکە ناتوانین هەستی میللەتان و ئەوروپا بۆلای خۆمان رابکێشین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەدوای ئەمانە دێینە سەر کوردان لە هەرێمی کوردستان، بەڕای من هێنانی کورو کچانی قووتابخانەکان بۆ سەر شەقامەکان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە لەکاتی وادا ئەگەر سوپای تورکیا هێرش بکات (کە بەڕای من نایکات) دەبێ هێز ڕوو بە ڕووی بێتەوە نەک قووتابیانی قووتابخانەکان، ئەو جار لێرەوە زۆر دروشم دەوترا کە لە پارانەوە زیاتر هیچی تر نیە لەوانە (چیتان دەوێت کوردەکان، نەهاتنی تورکەکان) یاخود لە پارکدا شانۆگەری پیشان دەدەن ئەکتەرەکان بە گریانەوە هاوار دەکەن (لێمان گەڕێن بژین، ئێمە نەوەی ئەنفالین و لەم بابەتانە)

ئەوەی کە لە هەمووی گرنگترە ئەو بەیاننامەی سەرۆکایەتی هەرێمە کە دەربڕی هەموو کوردستانیانی هەرێمە، ئیتر پێویست ناکات هەریەکە شتێک بڵێت و هەر کاناڵە بە جۆرێک باسی لێ بکات. مەحمود عوسمان لەم چەند ڕۆژەی ڕابردووەوە چەند جار دەرکەوتوە لە لێدواندا قسەکانی زۆری پێچەوانەی ڕەوتی سەرۆکایەتی هەرێمن (کە ئەو ناسراوە بە دۆستایەتی توندی لەگەل پکک) مام جەلال لەگەڕانەوەی بۆ سلێمانی دەلێ، هیچ نیە شتە زل کراوە تورکیا کاری واناکات و نایەت، لە پاریسەوە دەلێ کە من و کاک مەسعود داوا دەکەین لە پکک بڕۆنە دەرەوە، زێباری بەناوی حکومەتی عێڕاقەوە هەمان داوا دەکات... بەڕای من پێویستە پکک هاوکاری سەرۆکایەتی هەرێم بکات لەوەی هەموو هێرشەکان و کارە سەربازییەکانی لەدژی تورکیا ڕابگرێت و درێژە بەخەباتی سیاسی خۆی بدات لەهەر جێگەیەکی کوردستان بێت و پشتگیری کوشتن و تەقینەوە نەبێت، بەمەش هەموو ئەو بیانوانە دەبڕێت کە تورکیا بە هۆیەوە دەیەوێت سنوور ببەزێنێت. هەمووده‌زانین کە تورکیا لە هەوڵدایە بۆ تێکدانی مەسەلەی کەرکوک و لە بیانوویەک دەگەڕێت کە بە هۆیەوە بتوانێت دەست لە مەسەلەکەوە وەردات، جا ئەو بیانووەش ئێستا بوونی پکک یە

مانەوەشیان و سوور بوون لەسەر ئەو ڕەوتە زیاتر ئەگەری دەست تێوەردانی تورکیا بۆ هەرێم زیاتر دەبێت، دیموکرات و کۆمەلە و چەند هێزێکی تر لە باشووری کوردستان بە ئاگاداری حکومەتی هەرێم هەن (مام جەلال بە فەرمی باسی ئەوەی کرد کە ئێمە دالدەمان داون) بەلام لەبەر ئەوەی خەباتەکەیان سیاسیە و دوورن لە چالاکی سەربازی ئەوە لە گەڵ ئێران کێشەی بۆ دروست نەکردووین..
کەوا بوو ئەگەر پکک ش بەهەمان شێوە لە کوردستاندا بمێنێتەوە پێم وایە کێشەکە هێور دەبێتەوە و بە سوودی نەتەوەی کوردیش دەبێت چونکە هەر چەند بارو دۆخی هەرێم بەرەو پێش بچێت و خۆی بگرێت بۆ دوارۆژی پارچەکانی تر باشە، مندالەکانیان دەتوانن بە کوردی بخوێنن بە هەستی نەتەوەیی گۆش دەبن هوشیاری سیاسییان بلند دەبێتەوە و ئابووری کورد دەچێتە سەر و لە ماوەی دەسالی داهاتوودا دەتوانین زۆر مانا ببەخشین بۆ پارچەکانی تر ی کوردستان...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.